١٣٨٤/٧/٥

٢٠٠٥/٩/٢٧

# ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
# لە پێوەندی لە گەڵ بەرەدا

هەر چەند هاوکاری و هاوهەنگاوی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران هەمیشە وەك هۆیەکی بنەڕەتی بەرەو پێش چوونی ڕەوتی جووڵانەوەی کورد لەو پارچەیەی کوردستان خۆی نواندوە، بەڵام لەو دوایانەدا باس لە پێك هێنانی ئیئتلاف یان بەرەیەك لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی کورد پتر بۆتە باسی کۆڕو کۆمەڵ و لایەنە سیاسییەکان. ئاشکراشە بە لەبەر چاو گرتنی ئەوە کە پێویستیی پێك هاتنی ئیئتلاف یان بەرەیەك لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کورد لە کوردستانی ئێران دا خۆی باسێکی موسبەت و پێك هاتنەکەی هەنگاوێکی گرینگە لە ڕەوتی جووڵانەوەی کورددا، هێندێ کەس و لایەن هەوڵ دەدەن خۆیان بە داهێنەر و ڕچە شکێنی ئەم ڕێگایە لە قەڵەم بدەن و لایەنی دیکە بە خەتابار و کەمتەرخەم دابنێن.

تێگەیشتن لەو ڕاستییە کە هەر ئیئتلافێك یان پێك هێنانی هەر بەرەیەك پێویستیی بە زەمینەیەکی لەبار هەیە کارێکی دژوارو پێویستیی بە بۆچوونێکی سیاسی تایبەتی نییەو ئەو زەمینەیەش شتێك نییە بێجگە لەوە کە ئەو هێزو لایەنانەی کە باس لە بەرە دەکەن و بە پێویستییێکی هەنووکەیی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانی دەزانن کەش و هەوایەکی سالم و دۆستانە بە سەر پێوەندییەکانیان دا حاکم بکەن.

جیا لەوە مەبەست لە پێك هێنانی بەرە یا هەر ئیئتلافێکی سیاسی دیکە لە ڕوانگەی ئەو هێزو لایەنانەوە کە دەیانەوێ بەرەیەك یان ئیئتلافێکی سیاسی دیکە بە یەکەوە پێك بێنن تەنیا و تەنیا دەبێ ئەوەبێ کە هێزو تواناکانی هەموو ئەو هێزو لایەنانە بە مەبەستی خەباتێکی هاوبەش دژی دیکتاتۆری و بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بخرێنە سەر یەك و هەموو ئەو هێزو لایەنانە بە پێی بەرنامەیەکی هاوبەش بتوانن بۆ ڕوخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی و ئیدارەی کوردستان دوای کۆماری ئیسلامی هەوڵ بدەن.

ئەگەر ئەو بۆچوونە بە دروست بزانین و ئەو زەمینەیەی کە ئاماژەی پێ کرا بۆ پێك هاتنی بەرە یا هەر ئیئتلافێکی سیاسی دیکە بە پێویستیی هەنووکەیی دابنێین، ئەودەم دەبێ ئەم پرسیارە بکەین کە ئایا زەمینەیەکی لەباری ئەوتۆ بۆ پێك هێنانی بەرە لە ئارادایە؟ ئایا کەش و هەوایەکی بە ڕاستی سالم و دۆستانە بە سەر پێوەندییەکانی هەموو هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران دا حاکمە؟ ئایا هەموو بە یەك مەبەست دەڕواننە پێك هاتنی بەرەو لەو پێوەندییەدا تەنیا قازانج و بەرژەوەندی کوردو بزوتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانیان لەبەرچاوە یان بە دوور لەوە تەنیا بە مەبەستی دیکەی وەك قازانج و بەرژەوەندی تەسکی ڕێکخراوەیی مەسەلەیەکی لەو بابەتە تاقیب دەکەن؟

لە کەس و لە خودی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانیش شاراوە نیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بێ لە بەرچاو گرتنی بیروباوەڕی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران و چەندو چۆنی ئەو هێزانە لە گەڵ هەمووان پێوەندییەکی سالم و دۆستانەی هەیە. تەنانەت لە گەڵ هەر کامیشیان کەم و زۆر جۆرە هاوکارێکیشی لە بواری جۆراوجۆردا هەبوەو هەمیشەش پێی لە سەر ئەوە داگرتووە کە ئەم پێوەندییە دۆستانەیە، دۆستانەتر، قوڵتر و پەرەگرتووتر بکا. لە گەڵ هیچ کام لەو هێزانەش دەنگ دابڕین و تەحریم کردنی نییە. مەبەستیشی لە پێك هێنانی بەرە یا هەر ئیئتلافێکی دیکە تەنیاو تەنیا قازانج و بەرژەوەندی کوردو یەکگرتوویی و هاوخەباتی هێزە سیاسییەکانی

کوردستانی ئێران بووەو بە دوای ئەوەدا نەکشاوە خۆی لە ڕێگای ئەم ئیئتلاف یان بەرەوە دەربخا یان لەم ڕێگایەوە ئیعتبارێکی زیاتر وە دەست بێنێ و لە ڕاستیش دا پێویستیی بەوە نیە.

کەوابوو ئەو نیاز پاکی‌یەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەو پێوەندی‌یە سالم و دۆستانەیەی کە لە گەڵ هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان هەیەتی، ئەو دەرەتانەی بۆ ڕەخساندوە کە بۆ پێك هاتنی ئیئتلاف یان بەرەیەك لە هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران کە خۆی جۆرێك یا بڵێین شکڵێکی پەرە گرتووی پێوەندی‌یەکانی ئێستایەتی شوێن دانەر بێ. هەر لەو پێوەندیەدا بووە کە زیاتر لە ٨ ساڵ لەمەو بەر گەلاڵەی هاوکاری بۆ هێزە سیاسی‌یەکان ناردو لەو کاتەوە تا ئێستا بەردەوام نەك بە بانگەوازو کاری تەبلیغی بەڵکوو بە کردەوە و دیالۆگ و دانیشتن لە گەڵ ئەو هێزانە هەوڵی داوە زەمینەیەکی لەبار بۆ گەیشتن بە ئیئتلاف و سەرەنجام بەرەیەك بڕەخسێنێ. بەڵام داخوا هێزەکانی دیکەش هەرکام خاوەنی پێوەندی‌یەکی سالم و دۆستانە لە گوێن ئەوەی کە حیزبی دێموکرات لە گەڵ هەمووانی هەیە، هەن؟

شاراوە نییە کە بە داخەوە فەزایەکی سالمی ئەوتۆ لە نێوان باقی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران دا پێك نەهاتووە کە بتوانێ بێ گیروگرفت هەمووان لە ژێر چەتری ئیئتلافێك یان بەرەیەك دا کۆ بکاتەوە. نە تەنیا ئەوە بەڵکوو ئامادە نین بۆ باس لە سەر مەسەلەیەکی بچووکتر لەوەش، دانیشتنی هاوبەشیان هەبێ. هەر بۆیەش بێجگە لە یەکیەتیی شۆڕشگێرانی گەلی کوردستان، هەر لایەك ئامادەیە بە تەنیا لە گەڵ حیزبی دێموکرات ئیئتلاف بکا یان بەرەیەك پێك بێنێ بەڵام لە گەڵ جەمعێکی زیاتر و بەرەیەکی بەرین تر ڕووی خۆش نیشان نادا. ئەوەش لەحالێکدایە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بڕوایەدایە کە چەندی بکرێ هێزی زیاتر لەو یەکگرتنەدا بەشدار بێ.

لە وەزعێکی وەهادا چۆن دەکرێ لایەنێك چاوەڕوان بێ بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازێك هەمووان بە دەنگی‌یەوە بچن؟

ئێستا بە خستنە ڕووی ئەم ڕاستیانە، بە ڕاستی دەکرێ بڵێین زەمینە بۆ پێك هێنانی بەرەیەك لە هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران ئامادەیە؟! دەکرێ بڵێین بە بێ ڕەوینەوەی ئەم تەم و مژەی کە بە سەر پێوەندی نێوان هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران دا زاڵە هەروا بە خێرایی بەرەیەك پێك دێ؟ دەکرێ لەو بڕوایەدا بین کە بەبێ بەیەکەوە بوون و بە یەکەوە دانیشتن و ڕاوێژ کردنی جەمعی دەتوانین بەرەیەك پێك بێنین کە ئەو بەرەیە زەمینەی لەبار بۆ پێوەندی دۆستانە لە نێوان هێزە سیاسی‌یەکان دا پێك بێنێ؟! یا بە پێچەوانە دەبێ پێوەندی‌یەکان لانی کەم ئاسایی بکرێنەوە، زەمینەی لەبار پێك بێ و لە سەر ئەو زەمینە لەبارە و لەو کەش و هەوا دۆستانەیەدا بەرە یان ئیئتلافێك پێك بێ؟

ئەگەر ئەو ڕاستی‌یە بخەینە ڕوو کە لە ڕۆژانی سەرەتای سەرهەڵدان و ڕاپەڕینە بەشکۆکەی ئەم دوایانەی خەڵکی کوردستان لە هەموو شارەکان دا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ئەو پێوەندی‌یە دۆستانەیەدا کە لە گەڵ هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران هەیەتی، نامەیەکی بۆ هەموو ئەو هێزانە ناردو داوای کرد کە دانیشتنی جەمعی و چەند قۆڵی بکەین و لە پێوەندی لە گەڵ ئەم حەرەکەتە ئیعتڕازیانەدا هەڵوێستی هاوبەش و هاوکاری پێویستمان هەبێ و جیا لە یەکیەتیی شۆڕشگێرانی گەلی کوردستان باقی هێزەکانی دیکە وەڵامی ڕەدیان دایەوە، بە هاسانی دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارانەی سەرەوە بدەینەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە باوەڕی بە یەکگرتن و هاوکاری هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران هەبووە بەڵام بە واقیع بینی‌یەوە ڕوانیویەتە مەسەلەکان و باس لە بەرەو هەر ئیئتلافێکی دیکەش نە بۆ تەبلیغ و خۆ پێوە ڕانان بەڵکوو هەر لە چوارچێوەی ئەو واقیع بینی‌یەدا سەیر دەکا.

له گەڵ هەموو ئەو وەزعەش دا پێویستی هاوکاری و یەکگرتنی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران ئەوەندە ڕوون و ئاشکرایە و ئەوەندە گرینگ و پڕ بایەخە کە ناکرێ و نابێ گیروگرفت و کۆسپەکان تا سەر ڕێگایان پێ بگرن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو باوەڕەدایە کە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە گرینگە نابێ بە تەواوی ناهومێد بین، بەڵام دەبێ هەوڵ بدرێ کۆسپەکان لە سەر ڕێگا لابرێدرێن، زەمینە لەبارە کە بە ئاسایی بوونەوەی پێوەندی نێوان هێزەکان پێك بهێندرێ.

کەوابوو لە جیاتی ئەوەی لە سەرێ ڕا بۆ خوارێ دەست پێ بکەین، لە خوارەوە بۆ سەرێ دەست بە کاربین، پێوەندی‌یەکان ئاسایی بکرێنەوەو دەورێك لە هاوکاری و پێوەندی دۆستانەی هەر لایەنێك لە گەڵ باقی لایەنەکانی دیکە تەجروبە بکرێ.

ئەگەر ئەو ڕەوتە بگرینە بەر، ئەو ئەرکانە بەجێ بگەن و واقعیەتەکان بەمجۆرە کە هەن لە بەرچاو بگیرێن دەتوانین بڵێین بەرە بەرە، بەرەو پێك هێنانی ئیئتلاف یان بەرە چووین و دڵنیا بین کە هەر ئیئتلافێك یان بەرەیەك لە سەر زەمینەیەکی لەباری لەو بابەتە پێك بێ بەردەوام ترو شوێن دانەرتر دەبێ و بە پێچەوانەش بەرەیەکی بێ زەمینە ئەگەر پێکیش بێ لە گەڵ مەترسی لێك هەڵوەشان بەرەو ڕوو دەبێ و ئەمەش کەم هیوایی کۆمەڵانی خەڵکی بە بەرە بەدوادا دێ.